# دنیای منداڵان

١٤١

www.kurdistanukurd.com

ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا





# دنیای منداڵان

**گۆڤارێکی مانگانەی منداڵانە، ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەری دەکا**

سەرنووسەر: شیلان قوربانی فەر

دەستەی نووسەران: کاوە ئاهەنگەری، هانا وریا، نێعمەت مەلا، مینا سوڵتانزادە

دیزاینەر: مینا سوڵتانزادە

وێنەی ڕووبەرگ: ڕۆنیا لوتفوڵڵاهی

وێنەی پشتبەرگ: نیان بداغی

**پەیوەندی:**

www.facebook.com/nawendy.mndal.paryzy.kurdistan
mndalanikurd@yahoo.com
www.Kurdistanukurd.com

وتەی ئەمجارەمان

# نەورۆزتان پیرۆز بێ منداڵە ئازیزەکان



جێژنی نەورۆز،جێژنێکی کۆنی کوردەوارییە . هەر وەک دەزانن، نەورۆز یەکەم ڕۆژی بەهارە .

منداڵە ژیرەکانی کوردستان!

ڕۆژی نەورۆز دەسپێکی ساڵی نوێی کوردی و هەتاوییە . یانی لەو ڕۆژەدا ماڵئاویی لە ساڵی پێشوو دەکەین و بەخۆشی و شادی هاتنی ساڵی نوێ جێژن دەگرین.

لەو ڕۆژە پیرۆزەدا منداڵان و گەورەکان هەموو جلی کوردی لەبەر دەکەن و بە هەڵپەڕکێ و گۆرانی بەخێرهاتن بە ساڵی نوێ دەڵێن.

چاوگەشەکان!

ئێوە دەبێ لەو ڕۆژە دا پیرۆزبایی ساڵی نوێ و نەورۆز لە هەموو هاوڕێکانتان بکەن و ناخۆشییەکانی ساڵی پێشوو لە بیر بەرنەوە . ئەوەش بزانن کە لەو ڕۆژەدا دەبێ خۆتان لە یارییە ئاگرینە مەترسیدارەکەن بپارێزن با تووشی ڕووداوی ناخۆش نەبن.

لە نەورۆزی ئەمساڵ دا ماڵئاویی لە ساڵی ٢٧١٣ی کوردی و ١٣٩٢ی هەتاوی دەکەین و بەخێرهاتن بە ساڵی ٢٧١٤ی کوردی و ١٣٩٣ی هەتاوی دەڵێین.

ئێمەش وەک ناوەندی منداڵپارێزیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە بۆنەی هاتنی نەورۆز و ساڵی نوێ، پیرۆزبایی خۆمانتان ئاڕاستە دەکەینو لەشساغیو سەرکەوتووییتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

نەورۆزی کوردەواری لە هەمووتان پیرۆز بێت.

سەرنووسەر




ڕێزدار قاسم موئەییەدزادە«هەڵۆ»، ساڵی ١٣٣١هەتاوی، لە شاری مەهاباد لە دایکبووە. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی هەر لەو شارە تەواو کردوە. ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی، لە فێرگەی مامۆستایانی شاری ورمێ، دەورەی دووساڵەی باڵای دیپلۆمی زمانی ئینگلیسیی تەواوکردوە. ساڵی ٥٦ هەتا ٧٢ی هەتاوی وەک مامۆستای زمانی ئینگلیسی لە فێرگەکانی شاری مەهاباد مامۆستایەتیی کردوە. ساڵی ١٣٧٢ی هەتاوی لە کۆلێژی ئەدەبی زمانی فارسی، لە شاری مەهاباد دیسان درێژەی بە خویندن داوەتەوە و دوای کۆتاییهاتنی خویندنی زانکۆ، وەک مامۆستای ئەدەبیاتی زمانی فارسی لە فێرگەکانی بەشی ناوەندیی شاری مەهاباد دا سەرگەرمی خزمەتە.

## نیشتمان

بە دەستی هەستم شەو دەپێچمەوە
سا بە هەناسەم ڕۆژ ئەژێنمەوە
شیعر و هەڵبەستم دەکەم بە پردێ
گەنج و گەنجینەی پێ بپەڕنەوە
یا خۆ گەر بێتو کارم سەر نەگرێ
هەر بوەستم و دابمێنمەوە
دەستم بە برین چێ و ئەوکەم هەڵبڕێ
بە سەر بڕاوی سەر بنێمەوە

ئەشێ بێ ڕۆژێ دوا هەستانەوە
مردووی گۆڕستان هەستن لە گۆڕێ
پۆلی ئەستێران دە نیوەشەودا
بە دەوری خۆرا ببەستن کۆڕێ
خوڕخوڕ بباریێ بەرەو ژووری سەر
لە دەریایی خوێن تا هەڵدەچۆڕێ
ناشێ نیشتمان هەرگیزاو هەرگیز
لە بابەت تۆوە دڵم بگۆڕێ.

ئامادەکردنی: نێعمەت مەلا

# کتێب

من کتێبم،کتێبم
پێم بڵێ هاوڕێی کێ بم؟
لە تەنیایی بێزارم
هەتا کەی چاوەڕێ بم
پڕ لە پاکی و وشیاریم
من سەرچاوەی زانیاریم
هاوڕێی منداڵو گەورەم
دژی نەخوێندەواریم
دڵم منداڵانەیە
جێگەم کتێبخانەیە
لاپەڕەو رستەو دێڕم
پڕ لە پەندو وانەیە
کانگای پەندی شیرینم
سەرچاوەی روونی ژینم
کاتێک هاوڕێی منداڵم
دنیا جوانتر دەبینم



ئەمین گردیگلانی

# ڤیتامین ب

ڤیتامین ب دەبێتە هۆی زیادکردنو گەشەی خانەکانی لەشو لە کردارەکانی سیستەمی بەرگریو دەماری لەشدا ڕۆڵ دەگێڕێ.

ڤیتامین ب بۆ تەندروستیی پێستو ماسوولکەکان پێویستە.

ڤیتامین ب بۆ کەمکردنەوەی سترێسو نارەحەتیو گۆشەگیری باشە. تەنانەت لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەرکەوتوە ئەو کەسانە کە سیگاریش دەکێشنو ڕێژەیەکی زۆر ڤیتامین ب لە خوێنیان دا هەیە، کەمتر تووشی شێرپەنجەی سییەکان دەبن.

لە سەرەتادا شارەزایان پێیان وا بوو تەنیا یەک جۆر ڤیتامین ب هەیە بەڵام دواتر بۆیان دەرکەوت چەندین جۆری جیاوازی ڤیتامین ب هەیە. جگە لەوەی ناوی تایبەتی خۆیان بۆ دانرا هەموویان بەم چەشنە ڕیز کران: ڤیتامین ب١، ڤیتامین ب ٢، ......

## ڤیتامین ب١

ڤیتامین ب١ ناوی ڤیتامینێکە کە دەبێتە هۆی دروستکردنی وزە لە چەوریو پرۆتینو کاربۆهایدرات. ئەم ڤیتامینە بۆ گەشەی منداڵ زۆر پێویستە.

بۆ ئەو کەسانە کە زوو تووڕە دەبن زۆر بەسوودە.

مێشک بەهێز دەکات و بۆ کارکردنی ڕێکوپێکی دڵ زۆر گرینگە.

سەرچاوەکانی دەستکەوتنی ئەم جۆرە ڤیتامینە گوڵەبەڕۆژە، جۆ، لوبیاو گۆشتی سوورو دانەوێڵەکانە.

ئەم جۆرە ڤیتامینە بە کوڵاندنی زۆرو بەکارهێنانی لەگەڵ ماددە پارێزەرەکان





و ڕێژەیەکی زۆری خوێ لەنێو دەچێ و سوودەکانی نامێنێ.

کەمیی ئەم ڤیتامینە دەبێتە هۆی هەستکردن بە ماندوویی و کەم بوونەوەی ئیشتیا و کەمبوونەوەی کێشی لەش و خاوبوونەوەی لێدانی دڵ و سەرئێشە و بێهێزی.

بە هۆی کەم بوونی ڤیتامین ب١ هەست بە ئازار لە ماسوولکەکان و لە پەنجەکانی دەست و پێ دەکەین.

سیر و پیواز هەڵگری ماددەیەکن بەناوی ئالانین کە دەتوانن ئەم جۆرە ڤیتامینە هەڵبمژن و کۆی بکەنەوە بە پێچەوانەی سۆسیس و کاڵباس کە هەڵگری سولفور دی ئۆکسیدن کە ڕێگری دەکا لە هەڵمژین و هێشتنەوە ڤیتامین ب١.

هانا وریا

# کتێبخانەی ئەسکەندەرییە

کتێبخانەی ئەسکەندەرییەی میسر کتێبخانەیەکی مێژوویی‌یە کە لە شاری ئەسکەندەرییە لە میسر هەڵکەوتوە، یەکێکە لە بەناوبانگترین کتێبخانە مێژوویی‌یەکان.
ئەو کتێبخانەیە بۆ یەکەمجار لە لایەن بەتلیمۆسی یەکەمەوە لە ٢٢٨ ساڵ پێش زایینەوە بنیاد نراوە کە بۆتە شوێنی کۆبوونەوەی لێکۆڵەرەوان و خوێندکارانی ئەو کاتە، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٢ی زایینی دا کتێبخانەیەکی لەم چەشنە و بەشێوەیەکی مۆدێرنتر لە ئەسکەندەرییە کرایەوە.
بینای نوێی ئەم کتێبخانەیە، نزیکەی ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری تێچووە، ئەم بینایە جوانییەکی سەرسوڕهێنەری هەیە، لە شێوەی لاپەڕەیەکی شەپۆلداری ڕەنگ زیوی دەردەکەوێ، کە ئەلف و بێی هەموو زمانەکانی دنیا لەسەری هەڵکۆڵراوە، خاوەنی ١١ قاتە، کە ئەمەش وای کردوە کە وەک شوێنەوارێکی گرنگو سەرنجراکێشی وڵاتی میسر دەربکەوێ.
لەم کتێبخانەیەدا دەتوانرێ ٨ ملیۆن کتێب دابنرێ، بەڵام تا ئێستا تەنیا ٢٥٠ هەزار کتێبی تێدایە، کە زۆربەشیان وەک دیاری پێشکەش بەم کتێبخانەیە کراون. بەشی گۆڤارەکانی ئەم کتێبخانەیە بە چۆڵترین بەش دادەنرێ.
یەکێک لە هۆکارەکانی کەمیی کتێب لەم کتێبخانەیەدا ئەوەیە کە ئیسماعیل سراج الدین کە بەڕێوەبەری کتێبخانەکەیە، گرنگییەکی زۆر بە دانانی کتێب لەسەر کۆمپیوتێرەکانی کتێبخانەکە دەدا، بۆیە دەتوانرێ زیاتر لە چەندین ملیۆن کتێب لەسەر کۆمپیوتێرەکانی ئەم کتێبخانەیە ببینرێ.
شایەنی ئاماژەپێکردنە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بەشی تایبەتیی بۆ منداڵان و نابینایان هەیە و خاوەنی هۆڵێکی گەورەی خوێندنەوەیە کە فراوانییەکەی ٧٠ هەزار مەتری چوارگۆشەیە.
بوودجەی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە لە ساڵ دا ٢٥ بۆ ٢٩ ملیۆن یۆرۆیە، کە ئەگەر بێت و بەراورد بکرێ لەگەڵ بوودجەی کتێبخانەی واشینگتۆن کە ساڵێ ٤٣٥ ملیۆن دۆلارە، بوودجەیەکی کەمەو بۆ ئەوە نابێ کە لە مێژوودا بدرەوشێتەوە، بەڵام دەکرێ ئەو کتێبخانەیە وەک شوێنەوارێکی گرنگ بۆ فێرکردن و زانست لە جیهان دا دەربکەوێ.

**ئامادەکردنی هانا وریا.**

منداڵەکان سڵاو
وانەی ئەو جارەمان وێڕای ڕەنگەکان، باس لە میوەکانیش دەکا. چاو لێکەن بزانن چۆن
باسی میوە دەکرێ و لەگەڵ خۆتان یان هاورێکەتان دووپاتی کەنەوە و لێک بپرسنەوە



I like fruit
من میوەم پێ خۆشە

?What fruit do you like
چ میوەیەکت پێ خۆشە؟

I like apples
من سێوم پێخۆشە
تکایە ناوی ئەم مێوانە بە کوردی بنووسن

| | | |
|---|---|---|
| Apples | Watermelon | Lemon |
| Banana | Orange | Kiwi |
| Mango | Strawberry | Pineapple |
| Peach | Avocado | Pear |



We like fruit ئێمە میوەمان پێخۆشە

Hello Mary سڵاو ماری

Hi Dan سڵاو دەن

?Do you like lemon لیمۆت پێخۆشە؟

No, I don›t نا پێمخۆش نیە

?What fruit do you like best کامە میوەت زۆر پێ خۆشە؟

I like apple best سێوم زۆر پێخۆشە.

I like apples too منیش سێوم پێخۆشە

**کاوە ئاهەنگەری**

شاخەوان یەکێک لە منداڵانی کوردی ڕۆژهەڵاتەو لەبەر هەندێک هۆکار نیشتەجێی یەکێک لەشارەکانی ئێرانەو ماڵیان لە کوردستان نیە.

چەند ڕۆژێک لەمەوبەر، شاخەوان لەگەڵ هاورێکانی لە قوتابخانە باسی ڕۆژی نەورۆزو جێژنی نەورۆزیان کردبوو.

شاخەوان گوتبووی کە نەورۆز جێژنێکی کۆنی کوردانە و ئێمەی کورد هەموومان پێکەوە ڕێز لەو ڕۆژە دەگرین و بەجێژن و شادی بەرەو پیری دەچین.

هاورێکانی لێیان پرسیبوو:

ئێوە لەورۆژە دا چی دەکەنو بۆ دەڵێن کە ئەوە جێژنی کوردانە؟

شاخەوان گوتبووی:

ساڵی کوردی و ساڵی هەتاوی لەو ڕۆژەدا نوێ دەبنەوە ، مێژووی ئێمەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی کوردی کە ئەم ساڵ دەبێتە ٢٧١٤ی کوردی و زۆر لەپێشترە لە ساڵی هەتاوی کە ئەم ساڵ دەبێتە ١٣٩٣ی هەتاوی.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە ئێوە لەو ڕۆژەدا چ دەکەن، شاخەوان گوتبووی:

هەمووومان لە دەوری یەکتری کۆدەبینەوەو ئاگرێک دەکەینەوە و هەروەها هەمووومان دەستی یەکتری دەگرینو بە شاییو خۆشی بە دەوری ئاگرەکەدا هەڵدەپەڕین.

لێیان پرسیبوو کە بۆ هەموو دەستی یەکتری دەگرنو هەرکەسەو بەجودا هەڵناپەڕێ:

شاخەوان گوتبووی:

لەبەر ئەوەی ئێمەی کورد دەمانەوێ نیشانی بدەین یەکگرتووینو کەس ناتوانێ لێکمان بکا.

هاورێکانی شاخەوان زۆریان ئەم قسانە پێخۆشبوونو سپاسی شاخەوانیان کردبوو بۆ ئەو زانیارییانە کە پێی داون.

---

---

دۆستانی خوێنەری گۆڤاری منداڵان

ئەوەش بزانن کە لە ئێرانو کورردستانی بندەستی ئێران، ناهێڵن منداڵان بە ناوی کوردییەوە ناسنامە وەربگرنو شاخەوانیش بۆ قوتابخانە بە ناوێکی دیکەوە ناسنامەیان بۆ وەرگرتوە. شاخەوان ئاواتی ئەوەیە کە ڕۆژێک بێ لە وڵاتەکەی ناسنامە بە ناوی کوردییەوە بدرێتە منداڵانی هاونیشتمانی.

**ئازاد عەباسیان**

# چیرۆکی پشیلەی نەوسنو میوە لەت لەتەکان



پشیلەیەک لەم سەتڵ بۆ ئەو سەتڵ بە دوای خواردندا دەگەڕا. لە پڕدا گوێی لە گریانێک بوو. چووە پێشیو دیتی کۆمەڵێک میوە لەتلەت کراونو خراونە نێو سەتڵی زبڵەوە.

پشی لێی پرسین ئەوە بۆ دەگرین:؟ بۆ لەو نێو سەتڵە دان؟ بۆچی ئاوا بریندار کراون؟

هەرمی بە گریانەوە وەجواب هات: ئەگەر دەتەوێ بزانی گوێم لێبگرە با بۆت بگێڕمەوە، دوێنێ شەو جێژنی لەدایکبوونی کانی بوو، هەموو وڵاتیان ڕازاندەوە ئەمنو سێوو هێندێک لە هاورێکانی دیکەشمیان هێناو خستیانینە نێو حەوزی حەوشە نازانی چەندە خۆش بوو.

دواتر لە درێژەی قسەکانی هەرمیدا سێو گوتی: بە کەیفی خۆمان لەو ئاوەدا یاریمان دەکرد هەر ئەوەندەمان زانی ئێمەیان خستە نێو سەبەتێکی گەورەو بردیانینە ژوورەوە، هەر منداڵەو دەهات قەپاڵێکی لێدەداینو دەیخستینە سەتڵی زبڵەوە، دەنا فڕێیان دەداینە بن کورسییەکانو لە ژێر لاقیاندا پانیان دەکردینەوە.

پشی گیان ئەگەر ئەو بەڵایە بەسەر تۆش بێنن هەر ئەوە حاڵت دەبێ.

پشی چاوی پڕ بوو لە گریانو گوتی جا ئەوانە کەی میوان بوون وەڵلا ئەمن میوانی ئاوام خۆش ناوێ. دواتر بە دڵپڕییەوە ئەو ماڵەی بەجێهێشتو ڕۆیشت لە شوێنێکی دیکە بە دوای خواردندا بگەڕێ.

وەرگێڕان بۆ کوردی:مینا

# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕۆژی جلو بەرگی کوردی لە قوتابخانەو باخچەکان


















# قسەی خۆش بۆ پێکەنین





## گۆرەویی لینگاولینگ

ڕوژێک کچێکی بچووک جووتێک گۆرەویی لە پێدا بوو یەکیان سوورو ئەوی دیکەشیان شین بوو، لە کۆڵان یاریی دەکرد هاوڕێکەی لێی پرسی ئەو گۆرەوییە سەیرانە چین لە پێت دان کچەکەش گوتی جا جووتێکی دیکەشم هەن هەر وەک ئەمانە وان.

کیان: پێشەوا ئەری بۆچی براکەتیان لە کلاسی ئیمتحان کردە دەرەوە؟
پێشەوا: چونکە تەقەللوبی کردبوو.
کیان: یانی چۆن؟
پێشەوا: لە کاتی ئیمتحاندا ددانەکانی بژاردبوو.

## خوێندەواری

پیاوێک کاتژمێرێک دەکڕێ، لەسەری نووسراوە دژی ئاو، بەڵام ئاوی دەچێتە نێوێ.



ڕۆژی دواتر پیاوەکە بۆ دوکانەکەی دەباتەوەو دەڵێ لەسەری نووسراوە دژی ئاو کەچی ئاوی تێچوو، دوکاندارەکە دەڵێ وەڵڵا بڵێم چی کاکە گیان حەتمەن ئاو خوێندەواریی نیە بۆیە چۆتە نێوی.

**دیاریی نارین کەنکاش**

# خۆشەویستی و زەمان



ڕۆژگارێک لە دورگەیەکدا گشت هەستەکان پێکەوە دەژیان: دڵخۆشی، خەم، زانستو هەستەکانیتر هەروەها خۆشەویستی.
ڕۆژێک هەواڵیان هێنا کە دورگەکە بەم زووانە لە دەریادا نوقم دەبێ.
لەبەر ئەوە بێجگە لە خۆشەویستی. هەموویان گەمیەیان ساز کردو ڕۆیشتن.
خۆشەویستی ویستی هەتا دوا چرکە خۆ ڕاگرێو وڵاتەکەی جێ نەهێڵێ.
بەڵام ئەو کاتەی دورگەکە خەریک بوو بە تەواوی نوقم بێ، خۆشەویستی بڕیاری دا داوای یارمەتی بکا.
سەروەت و دارایی بە سواری گەمیەک بە لای خۆشەویستیدا تێپەڕی.
خۆشەویستی هەرای کرد: دارایی دەتوانی منیش لەگەڵ خۆت بەری؟
وەڵامی دایەوە: بەداخەوە خۆشەویستی من ناتوانم لەگەڵ خۆم بتبەم. من لە گەمیەکەم دا ڕادەیەکی زۆرم زێڕ و زیو پێیە و جێگای تۆ نابێتەوە.
خۆشەویستی چاوی لێبوو «خۆبەزلزانی» بە سواری گەمیەک بەویدا تێپەڕی.
لێی پرسی: دەتوانی من لەگەڵ خۆت بەری؟ خۆبەزلزانی وەڵامی دایەوە تۆ جل و بەرگەکانت زۆر تەڕن و گەمیەکەم لێ خراپ دەکەی.
لەو کاتەدا خەم بەویدا تێپەڕی. خۆشەویستی هاواری کرد: دەکرێ منیش لەگەڵ خۆت بەری؟
خەم بە دەنگێکی لاواز و زۆر بە پەژارەوە وەڵامی دایەوە: ئاخ خۆشەویستی من




زۆر خەمۆک و پەرۆشم دەبێ هەر بە تەنیا بم.
ئەوسا خۆشەویستی چاوی بە دڵخۆشی کەوت. بەڵام دڵخۆشی هێندە لە دنیای بەزم و ڕەزمی خۆی دا نوقم بوو کە گوێی لە هاوارەکانی خۆشەویستی نەبوو.
لەپڕدا خۆشەویستی گوێی لە دەنگێک بوو.
وەرە خۆشەویستی من لەگەڵ خۆم دەتبەم.
دەنگی یەکێک لە گەورەپیاوان بوو.
خۆشەویستی زوو بازی دایە نێو گەمیەی گەورەپیاوەکەوە و سوار بوو، بەڵام لە بیری نەبوو بپرسێ بڕیارە بەرەو کوێ بچن!
کاتێ گەیشتنە وشکایی، گەورەپیاوەکە خۆشەویستیی جێ هێشت و ڕۆیشت.
خۆشەویستی پێی خۆش بوو بزانێ کام کەسی گەورە و بەڕێز ڕزگاری کردوە.
هەر بۆیە لە کەسێکی گەورەی تر بە ناوی زانستی پرسی: کێ بوو یارمەتیی منی دا؟

زانست وەڵامی دایەوە: زەمان بوو.
زەمان؟! خۆشەویستی بیری کردەوە بۆچی زەمان ئەو کارەی کرد؟!
زانست ڕووی کردە خۆشەویستی و بە بزەیەکەوە گوتی:
لەبەر ئەوەی تەنیا زەمان دەتوانێ ڕادەی بایەخ و گەورەیی «خۆشەویستی» ڕوون کاتەوە.

وەرگێڕ لە ئینگلیسییەوە: هانا گیان

# جلو بەرگی کوردی-کەڵهوڕی



سەروێن: (سەربند) سەروێنی ژنانی کوردی ناوچەکانی خوارەوەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، واتا ئەو ناوچانەی کە بە زارەوەی کەڵهوڕی دەدوێن، لە چەند بەش وەک دەسماڵی جۆراوجۆری ریشەدارو گەلۆەنیو خانەقینی پێک هاتوە. هەرچەندە رادەو پلەو پایەی بنەماڵە گەورەتر بووە هەر بەو رادەیەش سەروێنی ژنانی ئەو بنەماڵەیە گەورەتر بووە. بۆ نموونە ژنی ئاغا و سەرۆک عەشیرەتەکان سەروێنی گەورەتریان دەبەستەوە. کۆنترین نیشانەکانێ سەروێن کە لە « پاڵمیرا» لە رۆژئاوای کوردستان بە دەست هاتوە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠٠٠ تا ٢٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا لەو ناوچەیە کە وەک میراتێکی کولتووریی بە نرخ و مەزن ئێستە لە شارەکانی وەک کرماشان و ئیلام لە رۆژهەلاتی کوردستان و « بەدرە»، « خانەقین» و جەسان لە باشووری کوردستان هەر ماوەتەوە.

ژێرپۆش، ژێرکراس: واتا بەرگێکی تەنک و هاوڕەنگی کراسە کە ژنانی ئەم ناوچەگەلە لە بن کراسەوە لە بەری دەکەن و هەتا پشتی پێیان شۆڕە.

کراس: کراسی ژنانی کورد گەورەو و بڵاوە (گوشادە) و لە زۆربەیاندا لە کەمەردا چینی هەیە کە پێی دەڵێن کەمەرچن.





کوڵەنجە: کۆتێکی شۆڕ و کەمەرچنە کە لە قوماشی کوڵفت و مەخمەڵین بە شێوازێکی جوان دەبڕدرێ ودەڕازێتەوە.

خەفتان: جۆرێکە لە جل و بەرگی کوردیی ئەو ناوچانە، کۆتێکی بچووکتر لە کولنجەو ئاستینی گەورەی هەیە و لە بنەوەی کوڵەنجە لە بەر دەکرێ.

بەتیە: جۆرێ پارچەی تەنک و ناسک بۆ سەرپۆشی هاوینان، لە قوماشی ئاورێشمینی رەش پێک هاتوە کە لە سەر شانی دەخەن یان بە سەریا دەدەن و لە پێشەوە و لە سەر سینە گرێ دەدرێ کە لەو حاڵەدا پێی دەڵێن ماشتە.

سەرەڕای ئەم چەند جۆرە ، سەڵتە، زەون، جلیقە، سوخمەو کڵاو هەن کە زۆرتر لە ناوچەکانی ناوەندی کوردستانی رۆژهەڵات کەڵکیان لێ وەردەگیردرێ.

**نووسین: ئاسۆ کرماشانی**

**وەرگێران بۆ کوردی: فەردین کەریمی**

# بە دڵی خۆتان بمڕەنگێنن



# دەچم بۆ سەیران

دەچم بۆ سەیران لە بناری کێوان    خۆشی و پێکەنین دێتە سەر لێوان

سەیران زۆر خۆشە لە وەرزی بەهار    دەنگی باڵندە لە دەشت و نزار

خەندەو پێکەنین چەند خۆشە لە دوور    بە چەپڵەڕێزان دەکەین گوڵی سوور

منداڵان بە پۆل بە جلی کوردانە    دەکەن هەڵپەڕکێ و بەزم و جۆلانە

منداڵان وەرن با بچین بۆ کێوان    لەوێ نزیکە باخەکەی سێوان

وەک دەڵێن نەورۆز جێژنی کاوەیە    وڵاتم ڕەنگین زۆر ڕازاوەیە

وەرن با بڕۆین بۆ دەشت و نزار    دەڵێن پیرۆزە نەورۆز و بەهار

دوورین لە وەتەن لە زێدی باوان    خۆڵ و خاکەکەی دەرمانی چاوان

**ئاویزان بامرادی**

# فێرگەی نەققاشی



www.ourkids.ir


سانیار ئاتەشبەهار


سەمیرا، سروەو سیروان


ئەوین موتیعی


پەریسا قادری


ئارتین ئاهەنگەری


ئاکار زاکی


دلین کارزان


ئالا حەبیبزادە


کارۆخ ساڵحیان



نسار کەریمی



لیا ڕەسوڵزادە



کارین یوسفزادە



کۆسار شەریفیان



تریفە دەرئۆفتادە



ڕێژنە نستانی



سۆزیار شەریفیان



زریان سەدەفی



چرۆ عەبدوڵلاپوور

